# نامۆیی و لەخۆنامۆ بوون*

پێش ئەوەی باسەکە دەست پێبکەین بە پیویستی ئەزانم ئەوە روون بکەمەوە کە من وشەی (نامۆیی)م لە باتی وشەی ئینگلیزی Nostalja داناواه کە لە فارسیدا بە( حسرت گذشتە، احساس غربت و غم غربت) تەرجەمە کراوە. هەروەها وشەی ( لەخۆنامۆبوون)م لە باتی وشەی Alienation داناوە کە لە فارسیدا بە ( از خوٚد بیگانگی ) تەرجەمە کراوە. کەوابوو نوستالژیا یان نوستالژی بە واتای نامۆیی و غوربەتە و وشەی ئەیلیەنەیشن بە واتای لەخۆنامۆبوون و لەخۆبێگانەگییە.

## 1. نامۆیی

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە. رەنگە سەیرو سەمەرەترین بوونەوەر بێ لە نێو سروشتدا. هەرگیز ناسرەوی. لە هیچ بارودۆخێکدا ئۆقرە ناگرێ و لە گەڵ هیچ چەشنە یاسایەک ناگونجێ. بۆ لەزەت بردن تووشی هەموو ئازارێک دەبێ. بۆ دەستەبەر کردنێ عەداڵەت لە هیچ تاوان و جینایەتێک سڵ ناکا. بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێتە کۆیلە و عەبدی هەموو ئایدۆلۆژیایەک. بە درێژایی تەمەنی لە سەر گۆی زەوی دەسووڕێتەوە و بەردەوام لە دووی شتێک دەگەرێ کە خۆشی نازانێ چییە! بەردەوام ڕادەکا بێ ئەوەی بتوانێ لە دەست خۆی رزگاری بێ. حافزی شیرازی دەڵێ :
در اندرون من خستە دل ندانم چیست     کە من خموشم و او درفغان و غوغاست
واتە: هەناوی منی دڵ بریندار نازانم چی تێدایە     کە من بێدەنگم و ئەو لەهاوار و ڕۆدایە     تۆ بڵێی ئەم شتە چی بێ؟ لە من دەپرسن؟ دەڵێم بەس غوربەتەو دەردی غوربەت. ئاخر شاعێر نەما غوربەت سەری سپی نەکا(I). ئاخر غوربەت دەردی بێ دەرمانە. خزمینە بە شێتم مەکەن، کە دەڵێم غوربەت دەردی بێ دەرمانە. ڕەنگە پێم پێبکەنن و بڵێن: دەی کاکی برا کە دەزانی غەریبی ئوقرەی لێ بریوی، فەرموو بگەڕێوە بۆ کاولبووەکەی خۆت و ئیتر مێشکمان مەبە. بەڵام هەیهات! ئەوەیە دەڵێم مرۆڤ خۆشی نازانێ لە چی دەگەڕێ! ئاخر خۆ غوربەت هەر ئەوە نییە کە ئێوە تێیگەیشتوون. کەوابوو ئەی چییە؟
بۆ تێگەیشتن لە غوربەت چار نییە جگەلەوەی کە شێوە جۆربەجۆرەکانی غوربەت دەستنیشان بکەین و لێیان بکۆڵینەوە. ئەڵبەت من نازانم ئەم دەستەبەندی یا پۆلێنکردنەی کە من کردوومە ،چەندە راست یان هەڵەیە. یان ئەو ناوانەی کە بۆ شێوە جۆربەجۆرەکانی نوستاڵژی دامناون گونجاون یان نە؟ گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە تۆزێ کێشەکە ڕوون بێتەوە.

## ئا) . غوربەتی مەکانی

یەکەم جۆری غەریبی کە زۆربەی خەڵک ئەوە بە غوربەت دەزانن، غوربەتی مەکانییە. واتە گۆڕینی شوێنی مەئلووفی ژیان و ڕووکردن لە شوێنێکی تر. پێویست ناکا ڕێگایەکی درێژ ببری بۆئەوی هەست بە نامۆیی بکەی. نێوانی سەقزو بۆکان سی کیلۆمەترە، من کە دەچوومە بۆکان خۆم بە غەریب دەزانی. ئێستا نەخوازەڵڵا لە دەریاکان بپەڕیتەوەو بە سەر دەیان وڵاتدا خۆت لە سوید ببینیتەوە.
ئەم شێوە لە غوربەت ساکارترین و ئاساییترین شێوەی نامۆییە. هەموو خەڵک کەم وزۆر تووشی هاتوون و لام وایە پێویست ناکا لەوە زیاتر لەسەری بدوێین.

## ب). غوربەتی ئوستوورەیی یا نوستالژی ئایینی

لەو ڕۆژەوە دایە هەواو باوە ئادەمی نەگبەت سێوەکە، یان موسوڵمان گوتەنی گەنمەکەیان خواردو خۆیان لەو بەهەشتە حەیاتە بەدەرکردن دا، تا ئێستاش مرۆڤ خۆی لە سەر گۆی زەوی بە غەریب دەزانێ. بە هیچ شێوەیەک ناحەوێتەوەو بەردەوام پەلەقاژەیەتی بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو بەهەشتە. واتە: زەوی تاراوگەیەو بەهەشت نیشتمان. کەوابوو لە روانگەی ئایینەوە بەتایبەت ئایینە سامییەکان واتە یەهوودییەت، مەسیحییەت و ئیسلام، مرۆڤ بەدرێژایی تەمەنی لە سەر گۆی زەوی غەریب بووەو تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ بەهەشت.

## پ). نوستالژی عێرفانی

حافزی شیرازی دەڵێ :
دوش دیدم کە ملائک در میخانە زدند          گل آدم بسرشتند و بە پیمانە زدند
آسمان بار امانت نتوانست کشید          قرعە فال بە نام من دیوانە زدند
واتە: دوێنێ شەو بینیم کە مەلایەتەکان دەرگای مەیخانەیان کوتا، قوڕی ئادەمیان شێلاو دایان لە قاڵب(پێوەر). ئاسمان نەیتوانی باری ئەمانەت بگرێتە ئەستۆ [هەربۆیە] قورعە(پشک)ی فاڵ بە ناوی منی سەرشێتەوە لێدرا(یان با بڵێین: بیتاقەکە بۆ من دەرچوو). مەبەستی ئەویە کە خوا داوای کرد لە هەموو مەلایەتەکان کە ببنە خەلیفەو نوێنەری خوا لە سەر زەوی، بەڵام هیچیان نەیانوێرا ئەو ئەرکە قورسە قەبووڵ کەن. هەر بۆیە بلیتەکە بۆ مرۆڤی سەرشێت دەرچوو. واتە پەنەکە درا بە مرۆڤ.
لە عێرفاندا مرۆڤ نەک هەر نوێنەرو خەلیفەی خوایە، بەڵکوو مرۆڤ هەر خوایە. هەربۆیە مەنسووری حەللاج دەڵێ : انا الحق.
جا کارەساتەکە لێرەدایە، مرۆڤێک کە خوایە، تووشی ئەو هەموو چەرمەسەری و قەباحەتە بووە.
هەربۆیە عارفان دەڵێن : مرۆڤ دەبێ هەموو قۆناغەکانی سەلووک یەک لەدوای یەک ببڕێ و لە ناسووتەوە هەڵکشێتەوە بۆ لاهووت و بگاتەوە لای خوا و لە نێو خوادا بتوێتەوە (فنا فی الله). واتە لە مرۆڤی سەرلێ شێواو و غەریب کەوتوو ببێتەوە بە خوا. کە وابوو لە روانگەی عێرفانیشەوە مرۆڤ هەر غەریبە و نامۆ.

## ت). غوربەتی زگماکی

ژاک لاکان کە دەروون ناسێکی ساختارگەرای فەڕەنسییە دەڵێ : هەموو مرۆڤەکان لەو ساتەوە کە لەدایک دەبن تا ئەوکاتەی کە دەمرن، بێ ئەوەی بە خۆ بزانن تامەزرۆی گەڕانەوەن بۆ نێو پزدان(مناڵدان)ی دایکیان. چونکە ناخوداگاە هەست دەکەن ئەوێ شوێنێکی گەرم و نەرم و بێ مەترسی بوو، کەچی لەخۆڕا لەدایک بووین و تووشی کوێرەوەری و چەرمەسەرێی ژیان هاتین.
کێ چووزانی؟ رەنگە بۆچوونەکەی ژاک لاکان راست بێ. ئاخر خزمینە خۆمانین، هەموومان ئەو ساتەی لەدایک بووین شینمان گێڕا بۆ لەدەست چوونی ئەو بەهەشتە گەرم و نەرمە. کەوابوو غوربەت هەر زگماکی بە کۆڵمانەوەیە. هەربۆیە ئەم شێوە نوستالژییەم ناو نا نامۆیی یا غوربەتی زگماکی. پیشتریش ئاماژەم پێکرد کە رەنگە ئەم پۆلێن کردن(دەستەبەندی)ە و ناولێنانە کە من کردوومە بۆ جیاکردنەوەی شێوە جۆربەجۆرەکانی نوستالژی، هەڵە بێ. بەڵام چار نییە. مەبەستم ئەوە بوو باسەکە ڕوون بێتەوە.

## ج). نامۆیی تەمەنی

هەتا جوان بووم فرە پیر نەبووم ئەمکرد راوی باز سۆنەگر نەبووم
ئێستا پیر بووگم من ئەگرم سۆنە سۆنەش سڵ ئەکا لە داوی کۆنە

بەڵێ، مرۆڤ کە پیر دەبێ لە رابردوودا دەژی. هەمیشە حەسرەتی کاتی لاوی دەخواو ئێستا و ئەم کاتی پیرییە نامۆیە لەگەڵ خواست و نیازو هەست و نەستیداو بەردەوام لە ئارەزووی گەڕانەوەدایە بۆ سەردەمی لاوی و تامەزرۆی "چاوچاوانێی سەربان و ماچ ومووچی سەرکانی" یەو "دەنگدانەوەی چرپەی جوانی لە گوێیدا وەکوو خۆی ماوە" و بە یادی ئەو هەموو دڵداری و ژوان و چی و چییە... بریندارە بریندارە. کە وابوو پیری لەگەڵ خۆی نامۆیی دەهێنێ و حەسرەتی کاتی لاوی تەنگ بە مامۆستا عەلیمەردان هەڵدەچنێ و دەیهێنێتە سۆز بۆ ئەوەی بڵێ : کەی دێتەوە کەی دێتەوە...

## چ). نوستالژی مێژوویی

ئەم جۆرە لە نامۆیی لانیکەم بە دوو شێوە خۆ دەنوێنێ کە بریتین لە : 1. نوستالژی گشتی یا جیهانی 2. نوستالژی نەتەوەیی ، کە هەوڵ ئەدەم روونیان بکەمەوە.
1. نوستالژی گشتی (جیهانی) : ئەم جۆرە نامۆییە تایبەتە بە هەموو مرۆڤایەتی و هی نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە. لە مێژوودا سەردەمێکی هەرە دێرینی ئەفسانەیی و پێش مێژوویی ناودێر دەکرێ یان باشتر وایە بڵێین بوونی سەردەمێک فەرز(گریمانە) دەکرێ کە پێی دەڵێن سەردەمی زێرین ------> Golden Age. گوایە لەو سەردەمەدا هەموو مرۆڤەکان وەک ئەندامانی یەک خێزان و بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەک پێکەوە ژیاون. نە گەل و نەتەوە، نە وڵات و سنوور، نە چین و توێژی کۆمەڵایەتی ، نە چەوسێنەر و چەوساوە، نە جیاوازی ئایینی و ئایدیۆلۆژیک، نە شەڕ و نە هیچ کێشەو ململانێیەک لە ئارادا نەبووە. بەس هەر تەبایی و ئاشتی و شادی بووەو بەس.
مرۆڤ ئێستاش شێت و شەیدای گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەردەمەو هەموو هەوڵێکی بۆ ژیاندنەوەو پێکهێنانی دووبارەی ئەو بارودۆخ و سەردەمەیەو جیهانی ئێستا لە گەڵ سرۆشت و خواست و نیازی ناگونجێ و هەست بە نامۆیی دەکا.
2. نوستالژی نەتەوەیی : ئێمەی کورد هەمیشە شانازی دەکەین بە شارستانییەتی میزۆپۆتامیا (بین النهرین)وە ، یان بەردەوام ئاخ وداخی حەسرەت هەڵدەکێشین بۆ دەسەڵاتداریمان لە سەردەمی مادەکاندا. فارسەکان ئێستاش حەسرەتی سەردەمی دەسەڵاتداری هێخامەنێشییەکان و ساسانییەکان لە سەر دڵیان گورپی کردووەو هەناسەی بۆ هەڵدەکێشن. مسرییەکان بە هەمان شێوە شانازی دەکەن بەو سەردەمەوە کە شارستانییەتێکی مەزنیان هەبوو. یۆنانییەکان هەروەکتر. هەروەها شارستانییەتی بابێل و سوومەرو... بووەتە بنێشتە خۆشەی دەمی ئێراقییەکان و سوورییەکان. شارستانییەتی مایا بووەتە نوستالژیایەکی گران لە هزرو مێشکی خەڵکانی ئەمریکای لاتیندا بە تایبەت مەکزیکییەکان. ئەوە ئیتر با واز بێنین لە ئەرزی مەوعوودی جوولەکەکان(ئەگەرچی ئەم دانەیان پێچەوانەیە، واتە حەسرەتەکە پتر رووی لە داهاتووە نەک رابردوو) کە چ فەرتەنەیەکی ناوەتەوە لە ناوچەکەدا.

## ح). نوستالژی فەلسەفی

ئەگەر لە روانگەی مێژووی فەلسەفەوە بڕوانینە مەسەلەکە، دەبینین کە مرۆڤ بە درێژایی بوونی لە سەر زەوی بەردەوام لە نهێنییەکانی ژیان و سروشت ڕاماوەو بیری کردووەتەوە و ویستوویەتی نەک هەر هەستی و سروشت بناسێ بەڵکوو بشیانگۆڕێ و جیهان بکاتە بەهەشت.

لەم پێوەندییەدا هەندێ لە فیلسووفان و کۆمەڵناسە بەناوبانگەکان هەوڵیان داوە گەڵاڵەی کۆمەڵگایەکی ڕێک و پێک داڕێژن بە شێوەیەک کە هەموو کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر بکرێن. بە کورتی، ویستوویانە دنیا بکەنە بەهەشت.
هەر لە کۆمەڵگا خەیاڵییەکەی ئەفلاتوونەوە، کە لە کتێبی جمهووریدا باسی کردووە، بگرە تا کۆمەڵگا بەڕواڵەت عیلمی بەڵام لە راستیدا خەیاڵییەکەی مارکس، هەموو لە دوای پێکهێنانی بەهەشت وێڵن. ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە پێیان دەگوترێ "یووتوپیا" یان "مدینە فاضلە" .
هەوڵی ئەم بەڕێزانە بۆ چییە؟ بۆئەوەیە کە ئەوان لایان وایە جیهان و ژیان بەم شێوەی کە هەیە لە گەڵ خواست و نیازی مرۆڤ رێک ناکەوێ و مرۆڤ هەست بە غوربەت و نامۆیی دەکا تێیدا. کە وابوو دەبێ کۆمەڵگایەک پێک بهێنین کە لە گەڵ سروشتی مرۆڤ بگونجێ.

## خ). نامۆیی فەردی (تاکە کەسی)

ئەم جۆرە هەست کردنە بە نامۆیی زیاتر ئاوقەی کەسانێکی تایبەتی دەبێ. رەنگە بە شێوەیەک بتوانین ناوی بنێین نامۆیی نوخبەکان!
ئەم نەوعە نامۆییە بە ڕای من زۆر گرنگە و لەوانەیە هەموو شێوەکانی تریش بگرێتەوە.هەربۆیە تۆزێ ووردتر باسی دەکەم.
هەروەک لەسەرەتای باسەکەدا ئاماژەم بۆ کرد، مرۆڤ لە خۆڕا نائارام و بێ ئۆقرەیە. هەر شتێک بەس ماوەیەکی کورت تازەگی هەیە بۆی و خێرا ئێکسپایەر دەبێ.
ئەڵبەت پێویستە بڵێم کە ئەم لایەنە لە تەبێعەتی مرۆڤ هەم ئاکامی باشی لێ دەکەوێتەوەو هەم ئاکامی خراپ. ئەوی کە مرۆڤ هەرگیز بە دۆخی ئێستای رازی نابێ، بۆتە هۆی تێکۆشانی لە بواری جۆر بە جۆردا بۆ بەرهەمهێنانی شتی تازەو بەکەڵک بۆ ئاسانتر کردن و خۆشتر کردنی ڕەوتی ژیان. بەڵام لە لایەکی ترەوە ، هەر ئەم حەزکردنە لە شتی تازەترو تازەتر، بۆتە هۆی ئەوەی کە نانی سەرمایەدارەکان بکەوێتە ڕۆنەوەو هەر رۆژەو مودێلێکی تازە لە موبایل و سەیارە و ... دادەهێنن و خەڵکی پێ بڕووتێننەوە بە تایبەت گەنجەکان.
هەروەک دەزانین هیچ لەزەتێک تا سەر نییەو مرۆڤ بەردەوام لە لەزەتی تازە دەگەڕێ. هەربۆیە لای زۆر کەس جگەرەکێشان، خواردنەوەی مەشرووب و کێشانی تریاک و شتی لەوبابەتەی بە دوادا دێ و دەبێتە وەیشوومە.
سەبارەت بە شوێنی ژیانیش مرۆڤ هەر نارازی و بێ ئۆقرەیەو هەر لەخۆوە حەز بە جێگۆرکێ و کۆچ و سەفەر دەکاو لە ژیانێکی خۆشترو بارودۆخێکی باشتر دەگەڕێ.
جا هەندێ کەس کە لە هەموو ئەم شتانە ماندوو دەبن و ناگەنە ئەو ئاکامەی کە دەیانەوێ، دەگەنە ئەو باوەڕەی کە ژیان هەر لە بنەوە شتێکی پووچ و بێ ماناو گەوجانەیەو دەڵێن مرۆڤ خۆی بکوژێ باشترە! دەڵێن لانیکەم مافی هەڵبژاردنی کات و سات و شوێن و شێوەی مردنەکەی بۆ دەمێنێتەوە.
هەر بۆیە هەندێ کەسانی بە ناوبانگ لە بواری جۆر بە جۆردا، خۆیان دەکوژن. ئەمانە ئەو کەسانەن کە بە گشتی پێیان دەڵێن :NIHILIST واتە: رەشبین یان باشتر وایە بڵێین پووچگەرا. کە وابوو نیهیلیسم لەسەر ئەساسی رەفز کرنەوەو رەدکرنەوەی حەقیقەت یان حەقیقەتی واقیعەکان بنیاد نراوە.
جگەلەمانەش زۆر جار دەبینین یان دەبیستین کە هەندێ کەس دەڵێن: من لە وڵاتەکەی خۆشمدا غەریبم، هیچ کەس تێم ناگا، ئەو داب و نەریت و یاساو ڕێسایەی کە داسەپاوە بەسەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگادا، لەگەڵ بیروبۆچوونی من ناگونجێ و...
کە وابوو "تضاد" یان کێشەو ململانێ و ڕێکنەکەوتن لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگادا پێک دێت. هەر بۆیە ئەو کەسە لە نێو کۆمەڵگای خۆیداو تەنانەت لە نێو دۆست و برادەرو کەس و کارەکەی خۆشیدا ناحەوێتەوەو هەست بە غوربەت و تەنیایی دەکا.

صادق هدایت نووسەری بەناوبانگی ئێرانی لە یەکێ لە کتێبەکانیدا بە ناوی "بوف کور" واتە: "کونەبووی کوێر" بە دنیا دەڵێ: "دنیای رجالەها" واتە : دنیای بوودەڵەکان.
کەسانێکیش هەن کە جاری واهەیە لە هەموو خەڵک تووڕە دەبن و لەباتی "کۆمەڵگا" دەڵێن: "کۆمەڵەگا"! کە وابوو ئەم تاکەکەسانە جگە لە نامۆییە گشتییەکان کە هی هەموو مرۆڤەکانە، نامۆیی تایبەت بە خۆشیان هەیە.

ئەمانە شێوە جۆربەجۆرەکانی نامۆیی بوون . ئێستا با بچینە سەر باسی لە خۆنامۆبوون.

## 2. لەخۆنامۆبوون

هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد، ئیلیەنەیشێن بە واتای لەخۆنامۆبوون و لە تەبیعەت و سروشتی خودی خۆ داپرانە. ئیلیەنەیشێن چەمکێکی فەلسەفییە. مارکس ئەم چەمکەی لە مامۆستا بەناوبانگەکەی خۆی واتە "هێگێل" وەرگرت. دواتر خۆی زۆری لێ کۆڵایەوەو پەرەی پێدا. هەربۆیە ئێستا زیاتر مارکس بە خاوەنی ئەو چەمکە دەناسرێ. کە وابوو لە پێشدا بە مارکسەوە دەست پێدەکەین.

### ئا). لەخۆنامۆبوون لە روانگەی مارکس ەوە

مارکس دەڵێ مرۆڤ توانایەکی سەیری هەیە بۆ ئەوەی کە سروشت یان تەبیعەت بێنێتە ژێر رکێفی خۆی و بە دڵخوازی خۆی و لەبەرژەوەندی خۆیدا بیگۆڕێ و زاڵ بێ بەسەریدا. هەروەها مرۆڤ ئەو تواناشی هەیە کە بەسەر تواناکەی خۆشیدا زاڵ بێ و کونتڕۆڵی بکا. کە وابوو دەتوانێ هەم سروشت و هەم تواناکەی خۆشی کونتڕۆڵ بکا. بەڵام بەداخەوە بارودۆخی حاکم بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەک؛ چۆنییەتی رەوابتی تەولید واتە پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان و شێوەی دەست بەسەردا گرتنی بەرهەمەکان، هەروەها پاشەکەوت کردن و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و چەوساندنەوەی زۆرینەی بەرهەم هێنەر لە لایەن کەمینەی خاوەن ئامرازی بەرهەمهێنانەوە دەبێتە هۆی پێکهاتنی کێشەوململانێی کۆمەڵایەتی و دژایەتی نێوان چەوساوان و چەوسێنەران. هەموو ئەمانە دەبنە هۆکاری بەفیڕۆچوونی ئەو توانایەی مرۆڤ. هەربۆیە مرۆڤ دەبێتە ملۆزمی خۆی و لە تەبێعەت و سروشتی خۆی دادەبڕێ و ئێلینە دەبێ واتە لەخۆ نامۆ دەبێ. کە وابوو توانایەک کە دەبوو ببێتە هۆی رزگاری و ئاسایش و بەختەوەری مرۆڤ، بە لاڕێدا دەچێ و دەبێتە هۆی کۆیلەبوون و شەڕو کێشەو چەوسانەوەو هەژاری. لەخۆنامۆبوونێک سەرهەڵدەدا کە مرۆڤ لە ئینسانییەت دەخاو دەیکاتە حەیوانێکی چاوچنۆک و کۆیلەی غەریزە حەیوانییەکانی. (II)
ئەمە بۆچوونەکەی مارکس. ئێستا با بزانین ئێگزیستانسیالیستەکان واتە وجوودییەکان بە تایبەت هایدێگێر چی دەڵێن.

### ب). لەخۆنامۆبوون لەروانگەی هایدێگێرەوە

مارتین هایدێگێر فیلسووفی بەناوبانگی ئاڵمانی بایەخێکی زۆر دەداتە بوونی مرۆڤ لە نێو چەرخەی ژیانداو دەڵێ مرۆڤ بێ ئەوەی خۆی بزانێ یا بێ ئەوەی خۆی بیەوێ لەپڕ چاو دەکاتەوەو سەیردەکا وا لە نێو ژیاندا. یان باشتر وایە بڵێین فڕێدراوەتە نێو گەڕو چەرخەی ژیان. ماوەیەک لەگەڵ ئەم چەرخەدا دەسووڕێتەوەو دیسان بێ ئەوەی بیەوێ فڕێدەدرێتە دەرەوەو دەمرێ. دەڵێ لە یەکەم ساتی ژیانەوە لەگەڵ ئیمکانی ژیان و زیندووبوون ئیمکانی مەرگ و

تیاچوونیش شان بەشانی زیندووبوونەکە لەگەڵ مرۆڤە. هەربۆیە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی دڵەڕاوکێ"اضطراب"ی مەرگی ژەگەڵدایە. جا هەر ئەو دڵەڕاوکێیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵی بەرهەمهێنانی شتی نوێ و ئیختێراع و ئیکتێشافدایە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی بەختەوەرانەو درێژکردنی تەمەن و لەڕاستیدا ڕاکردن لە چنگی مەرگ و نەمان. کە وابوو ئەو دڵەڕاوکێیە نەک هەر خراپ نییە بەڵکوو پێویستیشەو دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئافراندن و خەللاقییەت و پێکهێنانی ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی و بەختەوەری. کەچی بەداخەوە مرۆڤ بۆ راکردن لە دەست ئەو دڵەڕاوکێیە پەنا دەباتە بەر موخەدەرات و داودەرمان و هەوڵدەدا ئارامشێکی درۆیین و کورت خایەن بۆ خۆی دەستەبەر بکاو لەڕاستیدا توانای ئافراندن و خەللاقییەتەکەی دەگۆڕێتەوە بە دەبەنگی و هەوڵدەدا بۆ سڕکردنی هزرو ئەندێشەی خۆی و بەم شێوە لەو سروشتە داهێنەرو مرۆڤانەی خۆی دادەبڕێ و تووشی لەخۆنامۆیی دەبێ و لە واقعییەتی ژیانی خۆی ڕادەکا.(III)
ئەمە پوختەی بۆچوونی هایدێگێرە لە سەر ئیلیەنەیشێن.

## پ). لەخۆنامۆبوونی دەورە کۆمەڵایەتییەکان

شێوەیەکیتری لەخۆنامۆبوون ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە نێو ئەو نەقش و دەورەیدا کە لە ژیانی رۆژانەدا دەیگێڕن خودی خۆ وون دەکەن و لە سروشتی خۆیان دادەبڕێن و دەچنە پشت دەمامکی شوغڵ و پۆست و مەقام و بە گشتی دەورە کۆمەڵایاتییەکانەوە. واتە دەسەڵاتداران خۆیان لە مرۆڤ بە سەرتر و پیرۆزتر دەزانن! یان بە پێچەوانە ژێردەستەکان خۆیان بە کەمتر دەزانن و وەک مرۆڤێکی برانبەر لەگەڵ دەسەڵاتداران سەیری خۆیان ناکەن! بۆ نموونە مرۆڤێک قازی(حاکم)ە، ئەم بەڕێزە ئەو چەند کاتژمێرەی کە وەکوو ئیش و کار خەریکی دادوەرییە بەڵێ قازییەو حوکم دەدا لەسەر ئەو کێشانەی کە ئەو رۆژە لە ئارادایە. بەڵام پاش ئەوەی کە کاری رۆژانەی تەواو دەبێ و دێتە دەرەوە و دەچێتە نێو بازارو شەقام، ئیتر قازی نییە بەڵکوو مرۆڤە. مرۆڤێکی ئاساییە وەک هەمووان. کەچی ئەو لە نێو بازاڕیشدا هەر وەک دادگا خۆی بە قازی دەزانێ و خەڵکیتر بە ژێردەستە! لای وایە لە نانەواخانەو قەسابی و هەموو شوێنێکدا لە پێش فڵانەکەسەوە بێ کە سایەق، کرێکار، حەماڵ یان مامۆستایە! کە وابوو پۆست و مەقامەکە لە کاتی ئاسایی و بێکارییشدا هەر ها بە کۆڵییەو ئیتر مرۆڤ نییە و لە سروشتە سروشتییەکەی خۆی دادەبڕێ. مرۆڤە هەژارەکەش هەروەکتر لای وایە کە لەو کەسە کەمترەو دەبێ لە هەموو شوێنێکدا مل کەچی بڕیاری ئەو بێ! واتە ئەویش تووشی لەخۆنامۆبوون دەبێ.

## ت). لەخۆنامۆیی مودێڕن

جۆرێکی تری لەخۆنامۆبوون شێوە مودێڕنەکەیەتی کە مودێڕنیتە لەگەڵ خۆی هێناویەتی. ئەویش دوورکەوتنەوەو دابڕانی مرۆڤەکانە لە یەکتر. دەبینین کە لە کۆمەڵگا مودێڕنەکاندا دراوسێیەتی مەعنای نەماوە و ئێمە دراوسێکانی خۆمان ناناسین و پێوەندییەکمان لەگەڵیان نییە. کە مرۆڤێک لە سەر شەقام دەبوورێتەوە ، ئێستا نەخۆش بێ، برسی بێ ، ئەلکولی یان هەرشتێکیتر، بێ گومان مرۆڤێکە وەک ئێمەو پێویستی بە یارمەتییە. کەچی هەموو خۆی لێ لا دەدەن و یارمەتی نادەن. هەروەها دەبینین تەنانەت لەنێو خێزانیماڵیشدا بەرژەوەندی ئابووری جێگای سۆزو عاتیفە و خۆشەویستی گرتووەو پێوەندی کەس و کار یان نەماوە یان زۆر کز بووە. ئەو پیر و بەساڵاچووانەی کە سەگ و پشیلە رادەگرن، لەڕاستیدا بۆ ڕاکردن لە تەنیایی، سەگ و پشیلەیان ناوەتە جێگای مناڵ و خوشک و براکانیان.

کەوابوو مرۆڤی مودێرن گۆڕانکاری سەیری بەسەردا هاتووە. لە تەبیعەتی مرۆڤانەی خۆی داپڕاوە و بۆتە بوونەوەرێکی تر. هەربۆیە فرانتس کافکا نووسەری بەناوبانگی خەڵکی وڵاتی چێک، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی "مەسخ" ، باسی ئەوە دەکا کە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستێ ، سەیر دەکا ئیتر مرۆڤ نییە. گۆڕانکارییەکی سەیری بەسەردا هاتووەو بۆتە حەشەرە. هەروەها لەبیرمە جارێکیان مامۆستا رەوف بێگەرد چیرۆکێکی خۆی بۆ خوێندمەوە کە لە کۆتاییدا قارەمانی چیرۆکەکە دەبێتە قالۆنچە.

## ج). لەخۆنامۆیی نەتەوەیی

هەڵسوکەوت و پێوەندی جۆراوجۆری گەلان لەگەڵ یەکتر لە پانتایی مەژوودا و زاڵبوونی کاتی گەلێک بەسەر گەلێکی تردا لە بواری نیزامی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، عیلمی یان پیشەسازیدا، بۆتە هۆی ئەو تەوەهومەی کە هەندێ نەتەوە لایان وایە کە لەوانیتر باشترو پاکتر و لەپێشترن. هەر بۆیە گەلان بە سووکایەتی سەیری یەکتر دەکەن و رک و کینەی نەتەوایەتی لە نێو گەلاندا سەری هەڵداوە و بیروبۆچوونی راسیستی و رەگەزپەرەستانە هەردەم لە زیاد بووندایە. چما لە بیریان چووە کە خەڵکانی تریش وەک ئەمان مرۆڤن. ئەم دیاردەیە وایکردووە کە هەندێ لە گەلان خۆیان بە کەمتر لەوانیتر بزانن و بەم شێوە مرۆڤەکان لە یەکتر دوور کەونەوە و تووشی جۆرە لەخۆنامۆبوونێک بن کە ئینکاری خود یان مرۆڤەکانیتر بکەن.

## چ). لەخۆنامۆیی جنسی

ژن و پیاو هەردووکیان مرۆڤن. هەردوو خاوەنی سروشتی مرۆڤانە، بەهرەی هۆشی ، توانای بیرکردنەوە ، داهێنان و شوێن دانان لە سەر سروشت و کۆمەڵگان. هەروەها خاوەنی توانای بەکار هێنانی ئیمکاناتی سروشت و کۆمەڵگان بۆ گۆڕین و خۆش کردنی ژیانی خۆیان.
سەرەڕای ئەمانە دەزانین کە هەندێ جیاوازی بەرچاوی سروشتیشیان هەیە کە نکۆڵی لێناکرێ. بەڵام پێویستە جەخت بکەم لەسەر ئەوەی کە ئەو جیاوازییانە تەنیاو تەنیا نیشانەی جیاوازیین‌و بەس. واتە ئەو جیاوازییانە هەرگیز بە مەعنای ئەوە نییە کە لایەک فڕی هەبێ بە سەر لاکەی تردا. یان یەکێکیان باشترو بەهێزتر و ئەوی دیکە خراپترو لاوازتر بێ!
ئەگەر زۆرتر بوونی هێزی لەش نیشانەی شانازی و سەروەری پیاوە بەسەر ژندا (هەروەک دەستەیەک لە پیاوان بەداخەوە وابیردەکەنەوە)، ئێ خۆ وورچ وەک لەش بەهێزترە لە پیاو. کەوابوو وورچ ئەبێ سەروەری پیاو بێ! کەوابوو ژن و پیاو هەردووکیان مرۆڤن وەک یەک و هیچیان بۆیان نییە خۆ لەویتر بەسەرتر بزانن.
کەچی بەداخەوە لەسۆنگەی هەندێ هۆکاری ئابووری، ئایینی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە لە بەشێکی گەورەی جیهاندا زۆربەی خەڵک (کە ئەڵێم خەڵک و ناڵێم پیاوان، لەبەر ئەوەیە کە تەنیا پیاوان وا بیرناکەنەوە، بەداخەوە دەستەیەک لە ژنانیش هەر هەمان بۆچوونیان هەیە!) تووشی ئەو هەڵە گەورەیە هاتوون کە گوایە ژن لە پیاو کەمترە و پیاو سەرترە! (IV)
کەوابوو ئەو پیاوانەی کە لایان وایە سەروەری ملوێنەها ژنن! تووشی نەخۆشینی لەخۆنامۆیی هاتوون و بیانەوێ و نەیانەوێ بوونەتە هۆکاری ستەم بە سەر بەشێکی هەرە گەورەی مرۆڤەکاندا و دواکەوتوویی بەشێکی هەرە گەورەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.
کارەساتی ناخۆشترو نەگریستر ئەوەیە کە دەستەیەک لە ژنانیش هەمان بیروبۆچوونیان هەیە! من زۆرجار لە ژنانی لای خۆمان ( کاتێ کە ویستوویانە باسی خوێرییەتی پیاوێک سەبارەت بە رووداوێک یان هەڵ و مەرجێکی دیاریکراو بکەن ، وتوویانە: من بەم **ژنیەتی** خۆمە نەترسام، وام گوت یان وام کرد کەچی فڵانە پیاو ...).

کەوابوو ژنەکانیشمان بەداخەوە تووشی هەمان نەخۆشینی لە خۆنامۆبوونە هاتوون و خۆیان لە مرۆڤ بەکەمتر دەزانن!

## ح). لەخۆنامۆیی ژنان

لەم بەشەدا کەدوایین شێوەی لەخۆنامۆبوونە، باسی ئەوە دەکەین کە چۆن ژنان لانی کەم بە دوو شێوەی دیکەش تووشی لەخۆنامۆیی بوون. جا بۆیە لە بەشی پێشوودا باسم لێ نەکرد ، لەبەر ئەوەیە کە لەلایەکەوە پێوەندییەکی راستەوخۆی بە حاڵەتە بیۆلۆژیکەکە نییەو زیاتر لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی لەبەرچاو دەگرین و لەلایەکی ترەوە بەس باس لە دوو دەستە لە ژنان دەکرێ، ژنانی رۆژئاوا(ئورووپایی و ئەمریکایی) و ژنانی کۆچکردوو بۆ رۆژئاوا.

1. ژنانی رۆژئاوا

دەبینین کە ژنی ئورووپایی لەسۆنگەی گۆڕانی بنەڕەتي ئابووری، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی کۆمەڵگاکانیانەوە ، تووشی گۆڕانکارییەکی سەیر هاتوون.
ژنی رۆژئاوا خەریکە هەموو هەڵسوکەوتی وەک پیاوی لێدێ. بۆ نموونە : لە جل و بەرگدا لاسایی پیاو دەکاتەوە، **وەک پیاو** جگەرە دەکێشێ، **وەک پیاو** مەشرووب دەخواتەوەو شێوەی ئاخاوتن و میمیک (واتە حاڵەتی دەم و چاوی لەکاتی قسەکردندا)ی **وەک پیاو** دەنوێنێ.
یان لە بواری وەرزشدا خەریکی بۆکس و شتی وایە کە بە ڕای من ئەو جۆرە وەرزشانە پیاوانەن و لەگەڵ سروشت و تەبێعەتی ژن ناگونجێ.
ئەڵبەت پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من باسی چاک یا خراپ بوونی جگەرە و مەشرووب ناکەم و باسی نەفسی مەشرووب خواردنەوەو جگەرەکێشان ناکەم. بەڵکوو قسەم لەسەر چۆنییەتی کارەکەیە کە بە شێوەیەکی ژنانە نییە. چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ ، لاسایی کردنەوە نیشانەی خۆ بە کەمترزانینە. لەبەر ئەوەی مەبەستەکە باشتر ڕوون بێتەوە نموونەیەک دێنمەوە.
هەمووومان باش دەزانین کە لە دنیای شێعرو ئەدەبی کوردی و فارسیدا ژنانێک بوون و هەن کە شێعریان وتووەو خاوەنی دیوانن، وەک مەستوورە کوردستانی و پەروین ئێعتێسامی و...
بەڵام ئەم ژنانە **وەک پیاو** شێعریان وتووە و کە شێعرەکانیان دەخوێنیتەوە هەست ناکەیت کە ژنێک ئەو شێعرانەی وتووەو تەعبیر ناکا لە هەست و سۆزی ژنانە. بەڵام کەسێکی وەک فرووغ فرخزاد لە بەر ئەوەی کە شێعرەکانی رەنگدانەوەی سۆزو هەست و حەزو خولیای ژنێکە کە دەیەوێ پەردە لە سەر ئەو دنیا بە زۆر کپ کراوە هەڵبداتەوە. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئاوا بەناوبانگ بێ و ئەو هەموو ڕێزەی لێ بگیرێ.
کەوابوو ژنی ئورووپایی بە لاسایی کردنەوەی پیاو سروشتی ژنانەی دەگۆردرێ و ژنانەگي تێدا نامێنێ و لەخۆ نامۆ دەبێ.

2. ژنانی کۆچ کردوو بۆ ڕوژئاوا

دەستەیەک لە ژنانی سەربە کولتووری ڕۆژهەڵات کە هاتوونەتە رۆژئاوا، خۆ بە مودێرن دەزانن و لاسایی ژنانی ئەمریکایی یان ئورووپایی دەکەنەوە بێ ئەوەی لە فاکتەرە سەرەکییەکانی مودێرنیتە تێگەیشتبێتن. ئەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە کە ژنی رۆژهەڵاتی نابێ هەمان ئەو مافانەی هەبێ کە ژنی رۆژئاوا هایەتی. بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە ئازادی ژنی رۆژئاوا دەرەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی تایبەتییە کە چەندین سەدە لە بواری فکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و لە لایەن دەیان و سەدان فیلسووف و بیرمەندی جۆربەجۆرەوە هەوڵی بۆ دراوە. هیچ نەبێ لە سەردەمی ڕێنێسانسەوە کاری بۆ کراوە. جا ئەگەر ئەو پێشکەوتنە لە گەڵ وەزعییەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی رۆژهەڵات هەڵسەنگێنین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەر هەر وەک زەمانیش لێی بروانین (کە هەر تەنیا فاکتەری زەمان نییە و زۆر شتی دیکە دەبێ لە بەرچاو بگیرێ)، وڵاتانی لای ئێمە چەندین سەدە لە دواوەن. کەچی ژنی وڵاتانی دواکەوتوو وەک کوردستانەکەی

خۆمان  فاسڵەی ئەو چەندین سەد ساڵە بە شەش سەعات سواري تەیارە دەبڕێ و دێتە ئورووپاو ئیتر لای وایە کەسایەتییەکی مودێرنەو بەردەبێتە لاسایی کردنەوەی ئەمان. کە بەڕای من ئەمە هیچ نییە جگە لە نەخۆشینی  لەخۆنامۆبوون.

## پەراوێزەکان:

*--  ئەم بابەتە یەکەم جار هاوینی ساڵی 2003 لە شاری Göteborg لە وڵاتی سوید بە شێوەی کۆڕ و بە بەشداری هەندێ لە دانیشتوانی کوردی ئەو شارە ، پێشکەشم کرد. کۆڕەکە لە لایەن کۆمەڵەی کۆلتوورییەوە دانرابووو.

( I )   ئاماژە بۆ ناوی کۆمەڵە شێعرێکی بەڕیز کاک سابیر سدیق بە ناوی "غوربەت سەری سپی کردم". شایانی باسە کە بەڕێز کاک سابیر بەڕێوەبەری بەرنامەکە بوو.

( II ) بڕوانە کتێبی "مردان اندیشە"، براین مگی، مترجم: عزت الله فولادوند، انتشارات طرح نو، تهران، 1374 ، بەشی " فلسفە مارکسیستی: ، هەروەها : بەشی "مارکوزە و مکتب فرانکفورت".

(III ) هەمان سەرچاوە بەشی "هایدگر و فلسفە جدید اصالت وجود"

(IV )   ماوەیەک لە شاری یۆتەبوری ( Göteborg ) کورسێکی  سویدیم دەخوێند. رۆژێ یەکێ لە مامۆستاکان بۆی گێرامەوە کە گوایە ساڵێ پێشتر پیاوێکی کورد هەر لەو کورسەدا بەشدار بووە و جارێک کە مامۆستایەکی ژن دەرسی پێ وتوون، ئەو پیاوە کوردە  وتوویەتی کە پێی عەیبە کە ژنێک مامۆستای بێ، هەربۆیە لە پۆلەکە چووەتە دەرەوە.  ئیتر بزانن من وەک کوردێک بە بیستنی ئەو شتە چەندە شەرمەزار بووم.